**ئاخر مۆدێلی بینەر لەکوردستان**




## مەلەوانی و رۆژنامەوانی

هەولێر: ئەم پێدەکات؟
گەپ: ئەی هی قوتابییەکان ؟
گوڵان : کورد لە نێوان شیعەو سوننەی عەرەبی عێراقدا
گەپ: خەریکە ئەبێتە (شیننە)!
ئاوێنە: لەبەر دیارنەمانی پارە ژمێریاری خانەنشینی رانیە هەڵهات
گەپ: دیارە بە تەقاعودیش هەر دەوامی کردووە!
نم نم : خۆت مەدەرە دەست خەیاڵ
گەپ: با واقیع ئیفلیجت نەکات!
ئاسۆ: دانپیادانانێکی ترسناک
گەپ: مەقسەدت چەقالە یان گوێز شکاندنە بەدان ؟
رووداو : خۆپیشاندان پێویستی بە مۆڵەت نییە
گەپ: ئەی خۆناکرێ لە هەموو عانوساتێکا پیشانی بدەی.. عەیبە!

هەواڵ : وەفیق سامەرائی گومانی لە تاوانی بەعسیەکان هەیە
گەپ: دیارە مەقسەدیەتی بەیعەکەی تازە بکاتەوە!
والا : دیاردەی ژنهێنان بە قاچاخ سەریهەڵدا
گەپ: هیرۆئینە!!
ئالای ئازادی: حزبی بێ بودجەو بودجەی بێ حزب
گەپ: مەنسەبی بێ ئیش و ئیشی بێ مەنسەب
بارزان : بستێکی خاکی کوردستان
گەپ: نەماوە تۆپێکی ئێرانی بەرنەکەوتبێ
خەڵک : چۆن کاغەزێکی سپی دەکەیتە پێنج هەزار دۆلار
گەپ: بەیەک ئیمزای مودیرێکی چەورە!
زاری کرمانجی : نەوت خەوت
گەپ: شەهرستانی پێی بزانێ.. ئەیفڕێنێ بۆ ئێران !

رۆژنامە : شۆڕش، بێ سەوزاییە
گەپ: هەر بێ چەک نەبێ قەیناکا!
هاوڵاتی: کەس یەخەی فایلدارەکان ناگرێت.
گەپ: ئاخر بلوزی بێ یەخەیان لەبەرایە
ستاندەر: چۆن روبەروی بە علمانیکردن ببینەوە
گەپ: واز لە علم بێنە
نیڤار: چەلەبی تا ئێستا قەرزاری دوکاندارەکانی شەقلاوەیە
گەپ: مالکیش قەرزاری هەموو کوردە!
کوردستانی نوێ: ئەگەری توندبوونەوەی ناکۆکییە تایفییەکان
گەپ: لەوانەیە تایفی بە تەناف تێگەشتبن، بۆیە هەر توندی ئەکەنەوە
خاک : بە بەرد بوو چییە؟
گەپ: وەک ئەو عامودانەیە کە کەوتوونەتە ناو جادەکانەوە!




ئەحەی دەهۆڵ

ئای لەدوور لە دوور لە دوور ماڵ لەدوور دێیە
بەشەو خەڵک ئیزعاج دەکەم سێ خەتم پێیە
نازتبێ و نازتبێ ئەمنە گیان نازتبێ
نانت نەبێ بیخۆی بەس نەوت وغازتبێ
تۆکەچاوت هەڵدێنی هەزار دڵ دەسوتێنی
چونکە عایدی حیزبی دوومەعاش ئەکرمێنی
ئامان میم گورجی سوخمە نارنجی
ئەیبەم بۆ شای ئازیز دۆشکەو ئاربیجی
لەمناڵییەوە خۆشم دەوێیت تاکووئەمڕۆ
سالاْنێکە مەعاش ئەخۆم من لە جێی تۆ
نازت دەکێشم چاوکاڵ چونکە نازداری
ئەبم بەگۆرانیبێژ لەتاو بێکاری
هۆکاکی پێشمەرگە شۆرشگێری قارەمان
تەنها مەعاشی تۆیە بۆتە لوقمەی بن ددان
ئێواریەو دەمەگەرێ شەقامەکان مەهاژێنە
دڵنیابە تەعین نابی شەهادەکەت بسوتێنە
هەڵپەڕەنازە بەو چاوەبازە
کارەبام نەبوو شەوی ساڵی تازە!!

## هەواڵی ماتۆڕی

ماتۆڕ سوارەکەمان بە قیناعێکی دژە کیمیاوییەوە خۆی گەیاندە لامان و هەر یەکەو عەللاگەیەکی دایە دەستمان، ئێمەش وامانزانی گۆشتی خێرە، وتمان: ئەرێ حەوبرا ئەمە چییە؟.. وتی: بیکەنە سەرتان و قسە مەکەن، چونکە بڕیاری لە سێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید دەرچوەو منیش لەجیاتی شیرینی قیناع بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکەم، دەڵێم نەوەک لە ڕۆژی تەنفیزکردنی بڕیاری ئیعدام کردنەکەیدا ئێوەش وەکو برام وان وردە کیمیاوی و شتی تری لێ بەربێتەوە...






## عەینەن یەك



### شاری مۆسیقارە سپیەکان

١- شاکاری ڕۆمانووسێکی کوردە
٢- پاڵەوانی ڕۆمانەکە کوڕە هەژارە
٣- هەوێنی ڕۆمانەکە مۆسیقایە
٤- هەموو کەس بۆی هەیە بیخوێنێتەوە
٥- کتێبێکی حەوت سەد لاپەڕەییە
٦- باس لە گێژەڵووکەی بیابان دەکات
٧-نوسخەی لە بازاڕەکاندا نەماوە

### شاری خەونەکان

١- شاپرۆژەی شانشینەکانی حکومەتە.
٢- خوا نەیانێرێت هەموویان پاڵەوانی دەوڵەمەندن
٣- سەرتوێژەکەی کامل دۆلارە.
٤- فەقیر بچێتە ئەوێ، کش فەقیری لێ ئەکەن!
٥- خزمەتگوزارییەکی حەوت سەد دەفتەرییە
٦- تەعبیر لە پەڕتەرناشی مۆنیکای سەرقیر دەکات
٧- چاپی دووەمی کەوتە شاری زێڕینەوە!

NAMO



ڕۆستەم زادە (نامـــــــۆ)

تایبەت بە گەپ دەینێرێ



## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



تەشهیر

عەبە سێ سەر

### تەحلیلی سیاسی:

ئەم زاراوەیە چەند هاو مانایەکی تری هەیەو هیچکامیان لەناو بازنەی عەقڵ و مەعریفەدا جێگایان نابێتەوە، لەڕووی سیاسیشەوە جارجار هەندێ لە سیاسەتمەدارە موفلیس و گاڵتەقینەکان کۆمپانیاو سایتی ئەنتەرنێتی بۆ تەرخان ئەفەرموون، بەمەبەستی داپڵۆسینی شعوری خەڵک و موناقیسەکانیان!.

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

مەسەلەی تەشهیرو توانج و تانەو تاکە نەعل هاویشتن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە مێژێکی ناپاو و ببورن مێژوویەکی باریک و درێژی هەیە، بۆنموونە بەعزێ لەکورە گەنجەکانمان دەچن وێنەی لەشی کچێکی ڕووتی هیندی دێنن و کەللەسەری کچێکی داماوی گەڕەکی خۆیانی دەخەنە سەر، بۆ سوک و سەلیم کردنیان!.



## (هەر لۆ فشەی)

### شێڤە فشە

دەتانم سوندێ بخۆم، پیاوی وەها دەناسم هەرلۆفشەی ١٥-٢٠ قدعە عاردی وەرگرتیە!. باوەڕ ناکەم لەژیانی خۆی یەک گوللەی بەهەوای وەنابی! زەلامی وەهاش هەیە- سەری خۆی لەو عاردەی سپی کرد- ددانی لەدەویدا نما.. کۆرەبوو عومری خۆی لەسەر ئەو عارەی دانا! یەک پشەکە عاردیشی نیە- هەنووکە لە تەیراوەی پیازی دەفرۆشی! دەرێن یەکسانی یەکسانی.. ئەمن دەرێم یەکسانی لەمردنی هەیە- ئەگەر نا کوڕی ئەو خاکەیمە پشکە عاردەکم نییە- لۆ نیمە؟ نازانم- گلەیی و گازاندنەزۆرە- دریشم زۆر پیرە- دەزانم هەنووکە کەلێم دەپرسن باشە لۆپشکە عاردەکت نیە؟ ئەمنیش جواب دەدەمەوە، جوابەکەشی زۆر ئاسانە- دەزانی لۆنیمە؟وەڵا هەرلۆفشەی!!






**ئەگەر ئابووری:**

ئەم تەشهیرو تەشهیرکارییە لەرووی ئابوورییەوە کاسبییەکی پڕ لە بەرەکەتی موکافەئەو خەڵاتی جۆراوجۆرە بۆ ئەو منالە وردکانەی بەناوی ڕۆژنامەوانییەوە خۆیان ئاخنیوەتە ناو قوژبنی سایت و گۆڤار و ڕۆژنامە ئەهلییە پشتمل سیاسییەکان، هەر جارێک ئەگەر بیانەوێ مۆدێلی سەیارەکانیان بگۆڕن چوار جنێو بەم و بەو دەدەن و سەری مانگ لاداکەیان دەبێتە ئەڤەلۆن!.

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١- لە ڕۆژێکی وەک ڕەشەباداو لە بەرواری سێی مانگی واسیتە خۆشبێی ساڵی دوو تەغار و دەی تەوزیعاتی فەقیر نایبینێدا، چوومە شارەوانی کەسنەزان و چاوم گێڕا بە لیستی ناوی کرێچییەکانی وەجبەی سێیەمدا، کەچی هەر بەقودرەتی قادر ناوی منی تێدا نەبوو، بەڵام ناوی برادەرێکی بەستەزمانی تێدابوو ئەو داماوە جگە لە ڕیزێ دوکان و چوار خانوو هیچی تر شک نابات.!

٢- لە زۆرێکی وەک بۆرێکدا و لەبیست و سێی عیلاج قڕانی ساڵی نۆ هەزارو یانزەی دەرمانخانەی مێشکگریدا، لە شاری هەولێر بیست و سێ دەرمانخانە گەڕام بۆ حەپی (ڕیسپریدون) دەستم نەکەوت، تومەز هەندێکیان ناوی ئەو حەپەیان نەبیستبوو هەندێکی تریشیان خوێندەوارییەکەیان دوکەڵی دەکرد، هەندەکەی تریشیان بە لوتی شەریفیان جوابیان دەدامەوە.!

٣- لە شەشێکی وەک کانوندا و لەڕێکەوتی شەشی جنێوەری برای فێبریوەری ساڵی دوو هەزارو سێ هەڵوەریدا، دەوڵەتی عێراق هەستا بە دروستکردنی سوپایەکی نیظامی بۆ ڕاوەدونان و سەرکوتکردنی میللەتەکەی خۆی و تا ئەم دەقەو سەعاتەش ئەگەر بۆی بلوێ دوو سێ طەن کیمیاوی دەکات بە تەوقی سەرماندا و ئێمەش ساڵ بە ساڵ یادی دەکەینەوە و چەقەنەی بۆ لێدەدەین.!




## تیاترۆ

عوسە سویچ

ژن/ پیاوەکە
پیاو/ ئممم
ژن/ پیاوەکە هەستە
پیاو/ ئاااا
ژن/ لەگەڵ تۆمە هەستە دەی
پیاو/ ماویەتی بۆ نوێژ، چیت دەوێ
ژن/ نوێژی چی هەستە دەنگ دێ
پیاو/ دەنگی چی بەم نیوەشەوە؟
ژن/ وابزانم سەیارەکەیە.
پیاو/ سەیارەی خۆمان؟
ژن/ نانا هی خۆمانی چی!
پیاو/ بیکە لەڕای خوا وازبێنە کوێربووم بۆ خەو.
ژن/ ئاخر لە دەستمان دەرەچێ.
پیاو/ ناشێ بلۆکەکانیان ئێستا هێنابێ؟
ژن/ نەوەڵڵا ئەویش نیە، هەستە.
پیاو/ ئەی ئیزرائیلە هاتووە بۆ گیانم؟
ژن/ ئیزرائیلی چی؟ ناڵێم سەیارەیە
پیاو/ مەعلوم سەیارەی پۆلیسە.
ژن/ نەوەڵڵا ڕاکە نزیک بویەوە.
پیاو/ بۆکوێ ڕاکەم
ژن/ سەیارەی خۆڵەکە هات ئێستا سەطڵەکە ئەشکێنێ ٤٠ هەزارمان پێ داوە!

ژینگە پارێزی لای هەندێ هاووڵاتی شعور سن

